# ئایا لە 15-10-2005 تاکی کوردستانی خاوەنی بڕیاری خۆیەتی؟ . فەخرەدین زیارەتی

بڵێن و نەڵین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی باشووری کوردستان بە تایبەتی بەڕێژەیەکی زۆر سەر بە پارتە سیاسیەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی کوردستانن، ئەم ڕێژانەش لە پارتێکەوە بۆ پارتێك جیاوازی هەیە، هەروەك لە هەڵبژاردنەکان دەرکەوەت، لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر کەمی بێلایەنیش هەن، نابێ لە بیریان بکەین. ئەو ڕێژە زۆرەی کە سەر بە پارتە سیاسیەکانن بێگومان پەیڕەوی بڕیارەکانی پارتەکەیان دەکەن لە کاتی هەڵبژاردن و پڕۆپاگەندە بۆ سەرکەتنی پارتەکەیان، کە ئەمەش مافێکی سرووشتی یە، وە لەهەمان کاتیشدا مافیکی سرووشتیشە کە سەرکردەی پارتە سیاسیەکان داوا لە لایەنگران و ئەندامانی خۆیان بکەن کە زۆربەی دەنگ تا بتوانن بۆ پارتەکەیان پەیدا بکەن لە کاتی هەلبژاردن.

بەلاّم لە ڕۆژی دەنگدان لەسەر ڕەش نووسی دەستووری عیراق (فیدراڵ) ، نابێ داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکرێت کە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەنگ بەم ڕەش نووسەی دەستوور بدات، جا شێوەکە بە بەڵێ یان نەخێر یان هیچ کامیان بێ.

مافی خۆتانە وەك و سەرکردایەتی کوردستان داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکە ن و هانیان بدە ن بۆ بەشداریکردن لە دەنگدان، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دەبێ ڕێگەیان پێ بدەن بۆخۆیان ئازاد بن لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان، لەبەرئەوەی ئەمە کارێکە پەیوەستە بە تاك خۆی کەسی تر نا، وە هەرخۆشیان بە چاك و خراپی ئەنجامەکە بەرپرس دەبن، بۆیە ئازادی بۆ تاکی کوردستانی لە رۆژی دەنگدان کارێکی پێویستە، هەر چەندە ئەم تاکە سەر بەم لایەنە بێ یان ئەو لایەن، با لێپرسراوێتی ئەم مەسەلە چارەنووس سازە بکەوێتە سەرشانی خەڵکی کوردستان، نەك سەرشانی ئەم و ئەو، جا بەباش بی یان بەخراپ.

لەگەڵ ئەو پەڕی ریزم بۆ سەرکردایەتی کوردستان و خەڵکی بە شەڕەفی کوردستان.

مامۆستا فەخرەدین زیارەتی
zyarati@hotmail. com